مه هاباد قه ره داغی

# مافه کانی ژنان و ئه رکه کانی حکومه تی کوردستان



## ڕامانێک له بزوتنه وه ی فێمینیستی کوردستان و، به دواداچوونێکی خێرای "داخوازینامه ی ژنی کورد"

((به شی سێیه م و کۆتایی))

**پێشه کی ئه م به شه :**

له به شه کانی تردا هه وڵم دا به ڕامانێکی سۆسیۆلۆژیانه تیشک بخه مه سه ر بزاڤی ژنی کورد له کوردستان و ئه و ئاسته نگه کۆمه لایه تی، کلتووری و سیاسیانه ی که بوونه ته ڕێگری گه شه سه ندنی و، فاکته ره کانی که مکاریگه ربێتی ئه م بزاڤه له پێش ڕاپه ڕین و، له دوای ڕاپه ڕین. هه روه ها باسم له پرۆژه ی "داخوازینامه ی ژنی کورد" کرد، که له مانگه کانی حوزه یران و ته مووزی ئه مساڵدا سه ره تا له ڕێگه ی دیداری تایبه ت له گه ڵ ڕه مزه کانی ده سه لات له هه ردوو ئیداره ی سلێمانی و هه ولێر، به نیازی پشتیوانیکردنی و هه وڵدان بۆ پراکتیزه کردنی، داخوازینامه ی ژنی کوردیان پێ ناسێندرا[6]. له 12 ته مووزیشدا له کۆنفرانسێکدا له په رله مانی کوردستان پێشکه ش به سه رۆکی حکومه تی ئیداره ی هه ولێر و په رله مانی کوردستان کرا.

ڕه نگه ئه و پرسیاره ش له لای خوێنه ر و ئه و که سانه ی که بایه خیان بۆ پرسی ژن هه یه بێته کایه وه و بپرسن بۆچی له په یوه ندی به داخوازینامه ی ژنی کورددا ته نها ڕوو له حکومه تی

---

[6] به مه به ستی باسکردنی پرۆژی داخوازینامه ی ژنی کورد له سلێمانی داخوازیینامه که له دیداری تایبه تیدا پێشکه ش کرا به به ڕێزان د. به رهه م ساڵح سه رۆکی ئه نجومه نی وه زیران، سه لاح ڕه شید وه زیری مافی مرۆڤ و ئاواره و ئه نفال، د.شه ونم عه بدولقادر وه زیری په روه رده. هاوکات بانگهێش کران بۆ به شداریکردن له کۆنفرانسی په رله مانی به ریتانیا و کۆنفرانسی هه ولێردا. ئه م به ڕێزانه به تیۆری پشتیوانی خۆیان پیشان دا، مه خابن هه ر یه که و به هۆیه که وه نه هاتن بۆ کۆنفرانسه که. له بینینێکی کورتی ناڕه سمیشدا له گه ڵ مام جه لال هه ندێک باسمان له باره ی مه سه له ی ژنه وه کرد و باسی پرۆژه ی داخوازینامه ، به لام پشتیوانییه کی ئه وتۆی له پرۆژه که پیشان نه دا. دیداره که له گه ڵ به ڕێزیدا دوای کۆنفرانسی په رله مانی هه ولێر بوو، ڕه نگه ئه وه هۆکارێک بێت. بۆیه ده لێم ئه و له تبوونه ی باشووری کوردستان و دوو ئیداره ییه زه بری گه وره ی له ڕه وتی به ره وپێشه وه چوونی کۆمه ڵگه وه شاندووه. هه ر چالاکییه ک و پرۆژه یه ک (چه ند گرنگیش بێت بۆ کۆمه ڵگه به گشتی) له هه ولێر بکه یت مۆری پارتیت لێ ده درێت و له سلێمانی ئێسکت قورس ده بێت، ئه گه ر له سلێمانی بیکه ی ئۆتۆماتیک به یه کێتی داده نرێیت و له هه ولێر ئێسکت قورس ده بێت. ژنی کوردیش یه ک دنیا پرۆژه ی پێویسته و پرۆژه کانیش پێویسته له هه موو شاره کانی کوردستان بن. لێره دا ئه و که سانه ی که نه پارتین و نه یه کێتی و ده یانه وێ خزمه ت به کۆمه ڵگه ی خۆیان بکه ن ئاسته نگی گه وره یان بۆ دروست ده بێت. له په یوه ندی به پرۆژه ی داخوازینامه ی ژنی کورد دا ئه گه رچی من ڕۆژێک له ڕۆژان ئه ندامی پدک نه بوومه و، به پێچه وانه شه وه 11 ساڵ له ته مه نم و تا 1992 یش خه باتم له گه ڵ ینک دا بووه و هه ندێک له هاوڕێیانی خه باتم ئێستا پایه داری ناو یه کێتین، له ساڵی 1992 یشه وه بێلایه نانه خه باتی خۆم کردووه و ده یکه م، که چی به ڕێز نێچیرڤان بارزانی زیاتر پێشوازی له و پرۆژه یه کرد و ئاماده یی خۆی ده ربڕی که هه ر پرۆژه یه ک په یوه ست بێت به مه سه له ی ژن به بێ دوودڵی پشتگیری ده کات.

ئیداره‌ی هه‌ولێر نراوه و چاوه‌ڕوانیتان ته‌نها له سه‌رۆکی حکومه‌تی ئیداره‌ی هه‌ولێره که داخوازییه‌کان جێبه‌جێ بکات؟

ڕاستییه‌که‌شی ئه‌وه‌یه که به‌ڕێز نێچیرڤان بارزانی، زیاتر له هه‌موو به‌رپرسانی تری هه‌ردوو ئیداره بایه‌خی به پرۆژه‌که دا و پێشوازی لێ کرد و به کرده‌وه‌ش کارئاسانی بۆ کردین بۆ گرتنی کۆنفرانسی هه‌ولێر. هه‌روه‌ها وه‌زاره‌تی مافی مرۆڤی هه‌ولێر به به‌ڕێز وه‌زیر و به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی و هه‌موو کارمه‌نده‌کانییه‌وه هاوکارییان کرد و زۆربه‌ی ئه‌رکی کۆنفرانسه‌که‌یان له ئه‌ستۆ گرت، بڕێکیش له ئه‌رکی کۆنفراسه‌که که‌وته سه‌ر وه‌زاره‌تی مافی مرۆڤ له سلێمانی که پێشتر له چه‌ند دیداردا جه‌نابی وه‌زیر به‌ڵێنی دابوو هاوکاری بکات و وه‌ئه‌ستۆی بگرن، به‌لام، له جێگه‌ی ئه‌و به‌ڕێز خاتوو کافیه سلێمان سکرتێری یه‌کێتی ژنانی کوردستان ئه‌رکه‌ی وه ئه‌ستۆی خۆیان گرت. ڕۆڵی لیژنه‌ی ئاماده‌کاری کۆنفرانسه‌که‌ش که پێکهاتبوون له ژنانێکی چالاک که نوێنه‌ری ناوه‌ندی هاوبه‌شی ڕێکخراوه‌کانی ژنان و یه‌کێتی ژنانی کوردستان و سه‌نته‌ری ڕاگه‌یاندنی ژنان و ڕێکخراوی ژیانی نوێ و ڕێکخراوی گه‌شه‌پێدانی مه‌ده‌نی بوون، جێگه‌ی سوپاسه.

دوای ئه‌م پێشه‌کییه، ده‌مه‌وێ هه‌ندێ پێشنیار بخه‌مه به‌رچاو که به بڕوای من له پراکتیکدا ده‌توانن له به‌ره‌وپێشه‌وه‌بردنی ڕه‌وشی ژنان له کوردستاندا سوودمه‌ند بن. دیاره دوو مانگ ماوه‌یه‌کی زۆر نییه که به‌سه‌ر پێشکه‌شکردنی داخوازینامه‌ی ژنی کورددا تێپه‌ڕیوه. به پێی ئه‌و پێشوازییه گه‌رمه‌ی سه‌رۆکی حکومه‌ت، گه‌شبینم به‌وه‌ی که له ماوه‌ی داهاتوودا پشتیوانی خۆی بۆ پرسی ژن به کرده‌وه ده‌سه‌لمێنێ و به‌ڵێنی خۆی ده‌هێنێته‌دی. پێشنیاره‌کان بۆ هه‌ردوو ئیداره‌ی حکومه‌ت و هه‌موو حیزبه‌کانی کوردستانن:

## پێشنیاری یه‌که‌م

**(له پێناوی نه‌هێشتنی دیارده‌ی فره‌ژنی، له‌ناو دامه‌زگاکانی حکومه‌ت و له‌ناو حیزبه‌کاندا)**

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی نه‌ریتی فره‌ژنی، دیارده‌یه‌که دژ به پرنسیپه‌کانی مافی مرۆڤه. نه‌ریتێکی قۆناغی کۆیله‌یه‌تییه و پێگه‌ی ژن له‌ناو پرۆسه‌ی هاوسه‌رداری وادا پێگه‌ی کۆیله‌یه‌که، پێگه‌ی پیاویش هی خاوه‌ندارێکه.

نه‌ریتی فره‌ژنی زیاتر له کلتووری خێڵدا بره‌وی هه‌یه، که کلتوورێکی پاتریارکییه و له‌سه‌ر بنه‌مای هه‌ڵاواردن و مرۆڤبینییه‌کی نالۆژیکی بنیات نراوه. حیزبه‌کان و حکومه‌تی کوردستان وه‌ک چۆن له تیۆریدا وتاری دیموکراتیخوازانه ده‌ده‌ن به گوێماندا و باس له کۆمه‌ڵگه‌ی کراوه و مه‌ده‌نی و مۆدێرن ده‌که‌ن، پێویسته به کرده‌وه‌ش ئه‌وه بسه‌لمێنن و ئه‌و نه‌ریتانه‌ی

که له‌گه‌ڵ دنیای مۆدێرن و پرنسیپه‌کانی دیموکراسی و کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نیدا نایه‌ته‌وه‌، له‌ناو حیزبه‌کان و ده‌زگاکانی حکومه‌تدا ڕیشه‌کێشی بکه‌ن. که ئه‌مه خۆبه‌خۆ له ناو کۆمه‌ڵگه‌دا به گشتی ڕه‌نگ ده‌داته‌وه و ئه‌و دیارده دزێوانه ناهێڵێت.

پێویسته له‌ناودامەزگای وڵاتدا ئه‌م پێشێلکاری مافی مرۆڤه قه‌ده‌غه بکرێت. حکومه‌ت، په‌رله‌مان و سه‌رکردایه‌تی حیزبی هاوچه‌رخ ناشێ وه‌رگری نۆرمه‌کانی سیسته‌می باوکسالاری بن که له‌سه‌ر بنه‌مای هه‌ڵاوردن بنیاتنراوه. مه‌خابنه له‌ناو په‌رله‌مانی کوردستان و حکومه‌ت و حیزبه‌کانی کوردستاندا که‌سانێ که په‌یڕه‌وی ئه‌م نۆرمانه ده‌که‌ن، هه‌بن.

حکومه‌ت و حیزبه‌کان ده‌توانن له‌م باره‌یه‌وه چی بکه‌ن؟ ئه‌وان ئه‌گه‌ر بیانه‌وێ ده‌توانن ئه‌م دیارده‌یه به‌ره‌و نه‌مان ببه‌ن، به‌وه‌ی حیزبه‌کان له په‌یڕه‌و و پرۆگرامیاندا هه‌بێت که (پیاوی فره‌ژن) له ڕیزه‌کانی خۆی وه‌رنه‌گرێت. هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر ئه‌ندامی حیزب بوو ئه‌و کاره‌ی کرد، ده‌ستبه‌جێ ده‌ربکرێت. به هه‌مان شێوه ئه‌و ژنه‌ی که شوو به پیاوێکی فره‌ژن ده‌کات له ڕیزی حیزبه‌کانیان جێگه‌ی نه‌کرێته‌وه و ده‌ربکرێت.
حکومه‌تیش به هه‌مان شێوه، ده‌توانێ بیکات به مه‌رج ئه‌و که‌سانه‌ی په‌یڕه‌وی ئه‌و نه‌ریته ده‌که‌ن (پیاو بن یان ژن):

- له‌مه‌ودوا له هیچ دامووده‌زگایه‌کی ده‌وڵه‌تدا دانه‌مه‌زرێندرێن. ئه‌م مه‌رجه له ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و په‌رله‌مانه‌وه بیگرێته‌وه تا دامووده‌زگا بچووکه‌کانیش.
- له ئێستاشدا له پۆسته باڵاکاندا به تایبه‌تی ده‌سه‌ڵاتیان لێ وه‌ربگێڕێته‌وه.

دانانی یاسا و ڕێسای وا به‌رهه‌ڵستییه‌کی ئه‌وتۆش ناکرێت، چونکه ڕێژه‌ی په‌یڕه‌ویکارانی نه‌ریتی فره‌ژنی هێنده‌ش زۆر نییه که به‌رهه‌ڵستی جیددی دروست بکات. به‌ڵام هه‌نگاوێکی له‌م جۆره له ئاینده‌یه‌کی نزیکدا ده‌توانێت ئه‌م نه‌ریته ڕیشه‌کێش بکات.

<u>به‌ڵگه نالۆژیکییه‌کانی نۆرمی فره‌ژنی:</u>

ده‌بیستین زۆر جار پاساو بۆ دیارده‌ی فره‌ژنی به‌وه ده‌هێندرێته‌وه له لایه‌ن نه‌ریتخوازه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌وه که چونکه ڕێژه‌ی ژن له پیاو زیاتره له وڵاتی ئێمه‌دا و بۆ ئه‌وه‌ی ((گوایه!)) چاره‌سه‌ری دیارده‌یی قه‌یره‌یی کچان بکرێت، دیارده‌ی فره‌ژنی به باش ناوده‌به‌ن. هه‌شن پێیان وایه که به‌هۆی شه‌ڕی درێژخایه‌ن و ڕه‌وشی ناله‌باری کوردستانه‌وه ژنانێکی زۆر بێوه‌ژن که‌وتوون و ئه‌نفالن و کۆڵێک منداڵیان به‌سه‌ره‌وه‌یه، بۆیه ئاساییه که پیاوێک چه‌ند دانه‌یه‌ک له‌و بێوه ژنانه بخوازێت و منداڵه‌کانی بۆ به‌خێو بکات. له دادگاکانیشدا ئه‌وه‌یان به ئاسایی زانیوه که ئه‌گه‌ر پیاوێک ژنه‌که‌ی نه‌خۆش که‌وت، مێرده‌که‌ی بۆی هه‌یه ژنی دیکه بهێنێ و به مه‌رجی ڕه‌زامه‌ندی هاوسه‌ری یه‌که‌می.

هەر بەڵگەیەکی لەو جۆرانە پاساون بۆ هێشتنەوەی نۆرمێک کە دژ بە بەرژەوەندی ژنن. ئە دیاردەی قەیرەیی کچان بە فرەژنی چارەسەر دەبێت و، ئە دیاردەی بێوەژن و ژنانی پاشماوەی کارەساتی ئەنفالی بەدناو بە مانەوەی نۆرمی فرەژنی چارەسەر دەبێت. خودی ئەو دیاردانە دەبێت بە بەرنامەوە لە لایەن حکومەتەوە چارەسەر بکرێن و بەشێک بن لە سیاسەتی کۆمەلایەتی ئەو ولاتە. حکومەتی کوردستان گرنگە لەمەودوا سیاسەتی کۆمەلایەتی، سیاسەتی کلتووری، سیاسەتی ئابووری هەبێت و بەرنامەی نەهێشتنی ئەم نەریتەو هەر نەریتێکی تر کە مافە مرۆڤایەتییەکانی ژنی تێدا پێشێل دەبێت، بکات بە بەشێک لەو سیاسەتە. نموونەی ئەو نەریتانەش ژنبەژن، گەورە بە بچووک، بنەتۆو، لەناو لانکە مارەکردن، خوێنخۆشکردن بە ژن، شیربایی و مارەیی ، خەتەنەکردنی کچان و هتد.

## پێشنیاری دووەم

### لە پێناوی نەهێشتنی دیاردەی (هەلاواردن،بەرتیلخواردن، واستە و ئاکاری لەم جۆرە)

دامەزراندنی دەزگای چاوەدێری یەکسانی و ماف، ئەم دەزگایە دەتوانێ سەر بە وەزارەتی مافی مرۆڤ بێت، یاخود دەزگایەکی تەواو سەربەخۆ بێت. ئەم دەزگایە ئەرکی چاودێریکردنی هەموو دامودەزگاکانی ولات بێت لەوەی ئایا:

- پەیرەوی مافی مرۆڤی تێدا دەکرێت یان نا،
- هەلاواردن لە نێوان نێرومێدا دەکرێت یان نا،
- هەلاواردن لە نێوان هاولاتی هەژار و دەوڵەمەند دەکرێت یان نا،
- بەرتیلخواردن،رەشەخۆری و دواخستنی بەمەبەستی کاروباری خەڵک و، واستە و هتد.

لەم دەزگایەدا دەتوانرێ پسپۆرانی بواری ماف و یاسا، خەباتکارانی بواری مافی مرۆڤ، خەباتکارانی بواری مافی ژنان، کۆمیتەی تایبەتییان لەناو هەر یەک لە وەزارەتەکاندا هەبێت. هەروەها تیمی گەرۆک پێک بهێنن و لەگەڵ فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی سەر بەو وەزارەتانە کۆببنەوە و سیمینارییان بۆ بگێڕن و لە کێشەکان بکۆڵنەوە و لەسەر پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ئیتیک و موراڵی پیشەیی، یەکسانی و دادپەروەری و بەها مرۆییەکانی تر گفتوگۆ بکەن.

ئەم دەزگایە ساڵی دوو جار ئامار بکات تا بزانێ ڕێژەی ژن و پیاو لە دامودەزگاکاندا چەندە، بەشداری ژن لە چالاکییە کۆمەلایەتیی و کلتووریەکاندا، چالاکییە ئابوورییەکان و چالاکییە سیاسییەکان دا چەندە. ئەگەر ڕێژەی بەشداری ژن لە بوارێکدا کەمە، لێبکۆڵێتەوە و بۆ فاکتەرەکانی بگەڕێت، لە ڕێگەی دۆزینەوەی هۆکارەکانەوە کار بۆ زیادکردنی ئەو ڕێژەیە بکات.

بەڵگەنەویستە کە ژنانی کوردستان لە بواری سیاسەتدا پەنجەزمێرێکن، لە بواری کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریشدا ڕێژەیان زۆر کەمە. هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەش ئاشکران. وەک چۆن هەڵاواردنی نێگەتیڤ ڕۆڵی هەبووە لە ماڵێکردنی ژن، هەڵاواردنی پۆزەتیڤ دەتوانێ ڕۆڵی هەبێت لە پرۆسەی چالاککردن و بەکۆمەڵایەتیکردنیدا. ئەم دەزگایە دەتوانێ پرۆژەی کۆمەڵایەتی و کلتووری وای هەبێت کەبە میتودی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ ڕێگە بۆ بەشداریکردنی ژنان خۆش بکات. ئەم هەنگاوە لە سەرەتادا زۆر پێویستە، تا ئەو کاتەی ژنان دەکەونە سەر پێ و باوەڕیان بە تواناکانی خۆیان پتەو دەبێت.

دەزانرێت کە کلتووری باوکسالاری پەیڕەیکراو چ گورزێکی کوشندەی لە ژن وەشاندووە و کاریگەری دەروونی لەسەر داناوە و باوەڕی بە تواناکانی خۆی پێ لەق کردووە. سیاسەتی کۆمەڵایەتی و کلتووری حکومەتێکی مۆدێرن دەتوانێت بەرنامە بۆ گێڕانەوەی باوەڕی ژن بە خۆی، دابڕێژێت، بەو مەرجەی داڕێژەری ئەو بەرنامەیە ژنان خۆیان بن.

## پێشنیاری سێیەم
## وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی

کێشەی سیاسی کورد چەند ئاڵۆز و ڕیشەدارە و چەند وزەی پێویستە بۆ بەرەورووبوونەوەی، کێشە کۆمەڵایەتیەکانیشمان هێندە زۆرن و ئاڵۆز و ڕیشەدارن و وزە و توانای فیکرییان پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.

بە هەبوونی دەزگایەکی تایبەت بە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی بە میتودێکی عەقڵانی داڕێژراو، دەتوانرێت کێشە کۆمەڵایەتییە تێکچڕژاوەکان لە یەکتری بترازرێنرێن و هەریەکە و بەجیا لێیان بکۆڵدرێتەوە و، هۆکارەکانیان دەستنیشان بکرێت و، پسپۆران پێشنیاری چارەسەرییان بۆ بکەن و، لایەنی بەرپرس هەوڵی خستنەکاری پێشنیارە پەسەندکراوەکان بدات.

کارەساتە سیاسییەکان گرفتی کۆمەڵایەتی زۆریان لێ کەوتۆتەوە، بۆ نموونە کارەساتی ئەنفال گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و کلتووریشی لێ کەوتۆتەوە. گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی خێزانەکانی پاشماوەی کارەساتی ئەنفالی بەدناو دەبێت بکەوێتە ناو ئەرکەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە. گرفتە دەروونی و ئابوورییەکانیان بکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی داراییەوە.

پەرەسەندنی دیاردەی خۆکوژی ژنان و بە تایبەتی خۆسوتاندن هۆکارەکەی گرفتی کۆمەڵایەتییە بە پلەی یەکەم. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی ئەو کێشانە و بنبڕکردنیان ئەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی. دیاردەی خۆسوتاندن زیاتر لە لایەن ئەو ژنانەوە پەیڕەوی دەکرێن کە ئاستی هۆشیاری و خوێندەوارییان کەمە، بۆیە گرنگە بایەخ بە هۆشیاری کۆمەڵایەتی ژنان بدرێت و ئاستی خوێندەواری ژنان بەرز بکرێتەوە.

هۆکارێکی تری خۆسووتاندنی ژنان ئەوەیە کە ڕقیان لە جەستەی خۆیان هەڵدەستێ بەهۆی ئەو فشارەی دابونەریتەکانی کۆمەڵگە و کلتووری باوکسالاری لەسەر جەستەی ئەو دایناوە. پێویستە بە ئامرازی هاوچەرخ ئەو تێڕوانینە فشارهێنە بۆ سەر ژن نەهێڵدرێ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەت دەتوانن ئەو پەیامە ترسناکەی لە تێڕوانینی باودا هەیە لە سەر ژن بگۆڕن. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت پێویستە سیاسەتی کلتووری هەبێت و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکان پابەند بکرێن بە سیاسەتێکی کلتووری پێشکەوتنخواز و خاوەنی پەیامێکی مرۆڤانە و بە زمانێکی یەکسانیخوازانە ئەو پەیامانە بگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ سوود لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی کلتووری و سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتانی پێشکەوتوو ببینرێت.

دیارە پێشنیاری تر زۆرن و دەکرێ هەمووبان لە پرۆسەی پێشخستنی کۆمەڵگە و مۆدێرنیزەکردنی حکومەتی کوردستان و دامودەزگاکانی بەشداری بکەین و پێشنیارەکانمان بخەینە ڕوو. ئەم پێشنیارانە و لە داهاتووشدا پێشنیاری تر چ لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و چ لە ڕێگەی سەردان و دیدارەکانەوە، دەخەمە بەردەستی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی و بەو هیوایەی ئەنجامەکانیان لە پراکتیکدا ببینین. دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بە بێ یەکسانی و دادپەروەری و بەشداری و کارایی ژنان دەبێتە مەحاڵ.

2004/09/13

ستۆکهۆڵم